

# تاهیر ساڵح سەعید



## ئەو چیرۆکنووسەی ٣٥ ساڵە بۆ منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان دەنووسێت

- تاهیر ساڵح سەعید یەکێکە لە چیرۆکنووسە دیارو ناسراوەکانی دنیای منداڵان، ئەم چیرۆکنووسە لەسەرەتای شەستەکانەوە دەنووسێت، لە ساڵی ١٩٤٢ لە گەڕەکی (چوارباخ)ی شاری (سلێمانی) لەدایک بووەو لەساڵی ١٩٦١ ئامادەیی تەواو کردووە.

- سەرنووسەری گۆڤاری (جریوە)ی منداڵان بووە، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی)یەوە دەرچووەو (١٠) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

- لەلایەن هەمان وەزارەتەوە لەساڵی ٢٠٠٣ دا خەڵاتی ئەوساڵەی پێ بەخشراوە بەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (سێوە لاسوورە)ی بە باشترین بەرهەمی تایبەت بە منداڵان بۆ ئەو ساڵە هەڵبژێردراوە.

- چەند کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە کە تایبەتن بە منداڵان، وەکو: (کاروان و ئەستێرە، گوندەکەمان، هاوڕێی ئازیزمان، ڕێنومایی بۆ منداڵان و سێوە لاسوورە).

- چەند کتێبیشی ئامادەن بۆ چاپ، لەوانە: (هاوڕێ، هاوڕێ کێیە؟، نازناز بەیانییان زوو لەخەو هەڵدەستێت، ماسی بۆ قسە ناکات؟، سێ پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکەو گوڵە ئەستێرە).







